# بێدەنگی

ئەمیلی دیکینسۆن
لە ئینگلیزییەوە: سەید مادێح پیریۆنسی
(تاران)

١

ئەوەی کە عەشق هەموو شتێکە
تەواوی ئەو شتەیە کە ئێمە لە عەشقی دەزانین
ئەمەمان بەسە، چونکە جامێک
دەبێ ئەوەندەی تێکرێ کە دەیگرێ

٢

ئەو کەسەی کە بەهەشت لە زەویدا نەدۆزێتەوە
لە ئاسمانیشدا نایدۆزێتەوە
ماڵی خودا لە پاڵ ماڵەکەی مندایە
کەلوپەلی ناو ماڵەکەی لە خۆشەویستی تاشراوە

٣

ئاسمانەکان ناتوانن نهێنییەکەیان ڕابگرن
بۆیە لە لای گردەکان دەیدرکێنن
ئەوانیش لە لای باخەکان دەیگێڕنەوە و
باخەکانیش سفرەی دڵیان بۆ نێرگزەکان دەکەنەوە

باڵندەیەک کە بە ڕێکەوت بەو ڕێگەدا تێدەپەڕێ
بە هێواشی گوێی لە هەموو نهێنییەکە دەبێ
ئایا دەبێ بەرتیلێک بەو پەلەوەرە بدەم
کێ چوزانێ،
شایەد هەموو ڕازەکانی بۆ ئاشکرا کردم؟

بەس وابزانم وا باشترە وەها نەکەم
نەزانین زۆر شیرینترە
ئەگەر هاوین هەمیشەیی و سەرماو بایە
چ ئەفسوونێک لە بەفرا بوو؟

با ڕازەکەت لە لای خۆت بێ، ئەی بابە گیان!
ئەگەر بشتوانم بزانم، هەر حەز ناکەم کە بیزانم
کە یارانی ئەم کۆنە خەیمەی تانوپۆ شینە
لەم دنیایە نوێیەی تۆدا خەریکی چین!

٤

من کەس نیم! تۆ کێی؟
ئایا تۆش هیچ کەس نیت؟
دەی ئەوا دەبین بە دوو هیچ کەس!
هیچ مەڵێ! دەنا دەمانزڕێنن
چ بێزارییەک لەوەدایە کە کەسێک بیت
چەند پەست و ئاسایی، وەک قرپۆکێک
کە هەمووی ژیانی ناوێک دەڵێتەوە
لە لیتاوی ستایشدا



٥

مـن شـەرابێـک دەخۆمـەوە کە دەسـکردی دەسـتی کەس نییـە
لە پەرداخێکدا کە بە جامی مرواری پڕ دەبێ
هـەمـوو خومـرەکانی لێوارەی ڕاین
مـەیی وەهـایان تێدا نییـە

مـن لـە بۆنی هـەوا مـەسـتم و
لـەگەڵ ئاونگدا عـەشـقبازی دەکەم
لـە ڕۆژانی بێ کۆتایی هـاویندا
مـەسـت و شـێواو بە کاروانسـەراکانی ئاسـماندا تێدەپەڕم

کاتێـک کە خاوەن باخـەکان
هـەنگە سـەرخۆشـەکان لـە سـەر خوانی کاسـەگوڵەکان
دەر دەکەن
کاتێـک کە پەپوولـەکان لـە ئەوپەڕی مـەسـتیـدا جامـەکان
دەدەنە دواوە
مـن زیاتر و زیاتر دەخۆمـەوە

تا فریشـتـەکان کڵاوە بەفرینـەکانیـان ڕادەوەشـێنن و
قـدیسـەکان بەرەو پەنجـەرەکان ڕا دەکەن و
وردی ئـەم مـەیکەشـە بچووکە دەبـنـەوە
کە لـە پێش تاودا ڕاکشـاوە.

٦

وشـەکان ڕۆژێـک دەمـرن
ئەو ڕۆژەی کە لـە زار دێنـە دەر
بەس هـەر وشـەیەک لـە لێوی مـن بێتە دەرێ
هـەر ئەو ڕۆژە بۆ هـەمیشـە
ژیانەکەی دەسـت پێ دەکا

٧

کێ دارسـتانی تاڵان کرد؟
دارسـتانێ کە متمـانەی بە گشـت کەس بوو
هـەموو دارە دڵپاکەکان
گرێکانی جەسـتەیان و قـەوزەکانیـان خسـتبووە دەر
دزەکەش بە وردی و خۆشـی
لـە خشـڵـەکانیـان ڕامـابوو
لە ناکاوێ هـەمـووی دزی و دوور کەوتەوە
ئێسـتە نازانم دار تووە پیرەکە و
شـادارەکەی ناو دارسـتان
چی دەڵێن، چی؟

٨

ئەسـڵ و فەسـڵی هـەنگوێن
قـەد بۆ هـەنگ گرنـگ نییـە
شـەوەر لـە لای ئەو هـەمیشـە
تانوپۆ ئاوریشـمییـە

ئەمـیلی ئێلیـزابێت دیکینسـۆن(١) کچە شـاعـیری بەناوبانگی ئەمریکی لە ساڵی ١٨٣٠ لە ئەمهێرتسی ماساچووسێتسدا(٢) لە بنەماڵەیەکی ناودار لە دایک بوو. ئەمـیلی لە تەمـەنی دە ساڵیـدا لەگەڵ لاڤینیای خوشکی بۆ خوێندن ڕووی لە ئاکادیمیای ئەمهێرتس کرد و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەوێدا خوێندی. ئەو کچێکی کەمڕوو و بێدەنگ بوو کە حەزی بە میـوان و ناو خەڵک نەبوو، هیچ کات هاوسـەرگیـریی نەکرد و لەگـەڵ زۆربەی هاوڕێکانیـشـیدا بە نامە پێوەندی دەگرت. لە ناو خەڵکدا دەرنەدەکەوت و لەو کاتانەشدا کە دەبینرا، بە زۆری جلوبەرگی سـپـی لەبەردابوو و خـەڵکی وەک کـەسـێکی سـەیر چاویان لێ دەکـرد، بەڵام ئەم کـچـە بێـدەنگ و کەمڕووە، دەروونێکی بەکوڵ، سەرێکی بەهۆش و دڵێکی بەجۆشی هەبوو. هۆنراوەکـانی بە ڕاشکاوی شـەهادەت لە سـەر ئەم هەسـتـە دەروونییـە بەکوڵەی ئەو دەدەن. ئەم خـانمە سپی پۆشـە بێـدەنگ و بەسۆزە لە ساڵی ١٨٨٦دا ماڵئاوایی لە دنیا کرد و لە تابووتێکی سپیدا لە زێدەکەی خۆی نێژرا.

ژمارەیەکی هەرە کەم لە شیعرەکانی ئەمیلی لە سەردەمی ژیانیدا بڵاو کرانەوە. ئەو ژمارە کەمـەش لە لایەن ئەو کەسانەوە کە چاپ دەکران گۆڕانکاریی زۆریان تێدا دەکرا. یەکـەمین کـتـێبی شـیعری ئەو، چوار ساڵ لە دوای مردنی لە ساڵی ١٩٩٠دا بە لێکدانەوەی هیگینسـۆن(٣) و تاد(٤) لە چاپ درا، ئەگـەرچی ئەو دوو کـەسـە گۆڕانکاریی زۆریان لە شیعرەکاندا کردبوو. لە ساڵی ١٩٥٥دا بۆ یەکەم جار کۆبەرهەمی نەگۆڕدراوی شیعرەکانی ئەمیلی دیکینسۆن لە لایەن تۆمـاس جانسـۆنەوە(٥) بڵاو کـرایەوە، بێ گـومـان ئەمـڕۆ ئەمـیلی دیکینسـۆن بە ڕای زۆرێک لە زانایان یەکێ لە گـرنگـترین شـاعـیرانی ئەمـریکایە. ناوەڕۆکی شـیـعرەکـانی ئەو ژیان، مـردن، سـروشت، ئەوین و عـیـرفـانە، بێـجگە لە ناوەڕۆکی تایبـەت، شیعرەکانی ئەو قاڵب، خاڵبەندی و شێوازێکی نووسینی تایبەتیان هەیە کـە بێ گـومان لە وەرگێڕاندا تێـدەچێ. هۆنراوەکـانی کورتن، زۆر بە دەگمەن ناوی تایبەتی خۆیان هەیە و لە کتێبەکاندا بە ژمارە پیشان دەدرێن.

**پەراوێزەکان:**

**1- Emily Elizabeth Dickinson.**
**2- Amherst, Massachusetts.**
**3- Thomas Wentworth Higginson.**
**4- Mabel Loomis Todd.**
**5- Thomas H. Johnson.**

**سەرچاوەی وەرگێڕانی هۆنراوەکان:**

**The Poems of Emily Dickinson, The Electronic Classics Series, Jim Manis, Editor,PSU-Hazleton,Hazleton, PA, 2003.**